## لە کوردستان ئێستاش عەرز خڕ نیە! (بۆچونێکی دۆستانە لە سەر وتاری بەرێز تەیموری) ... ئەردەڵان

06 .03 .28

لە سایتی "دیمانە" ی حەوتەی رابردوو دا وتاریک لە ژێر ناوی (نەورۆز و مێژوی نەورۆز) لە نوسینی حەمید تەیموری بلاو کرایەوە. دیارە ئەو وتارە شتێکی تازەمان لە بارەی نەورۆزەوە پێ نالێت و هەر دوپاتەی ئەو شتانەیەی کە پێشتر بیستومانە، هەر بۆیە دەکرێ بلێین ئەو رونکردنەوەیە لە راستیدا بە تەنیا وەلامی کاک حەمید نیە و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە وەها باوەرێکیان سەبارەت بە نەورۆز لە مێشکدا بۆ ساز بوە. ئەگەر لە سەر زۆر بابەتی فەرهەنگی و کۆمەلایەتی جیاوازی بیر و بۆچون هەبێ لە نیوان چینی روناکبیر و خەلکی ئاساییدا، لە بارەی مانا و مێژوی نەورۆز تەبایی فیکر و یەکسانی بۆچون بە ئاشکرا بەدی دەکرێ.

کاک حەمید، هەر وەك بۆ خۆت ئاماژەت پێ کردوە، نەورۆز بە درێژەی مێژو زۆر ئاڵ و گۆری بە سەردا هاتوە بەلام ئەو ئاڵ و گۆرانە چ بون و چۆن و بە چ مەبەستێك وای بە سەر هاتوە زۆر گرینگە، دەستێکی تێکدەر لە پشت مانای نەورۆز هەبوە و هەیە. بەداخەوە لە وتاری جەنابتاندا زۆر خێرا لەو قۆناغە گرینگە تێپەریون. نازانم ئاگاتان لەو لێکۆلینەیەی کاک سامرەند هەیە یا نا، ئەگەر نیتانە رەنگە لە ئارشیوی سایتی دیمانە دا دەست بکەوێ، ئەگینا من دەتوانم بۆتان بەرێ کەم. کاک سامرەند بە شێوەیەکی زانستی، زۆر چاك لێکۆلینەوەی لە سەر نەورۆز کردوە و تا کاتێکیش کەسیك بە بەلگەوە بۆچونی ئەو رەت نەکاتەوە، نەورۆز هەر ئەو شتەیە کە کاك سامرەند بە بەلگەوە پێمان دەلێ.

بەرێز تەیموری، یەکێك لە مەبەستەکانی هەرەگرینگی لێکۆلینەوەی زانستی ئەوەیە کە ئەگەر ئەو لێکۆلینەوە پەسەند کرا، وەك سەرچاوەیەکی باوەر پێکراو کەلکی لێوەربگیرێ و لە هەلەکانی رابردو خۆ بپارێزن، بەلام بە داخەوە وا وێدەچێ لە نێو ئێمەی کوردا بایەخ بۆ ئەو جۆرە لێکۆلینەوانە دانەندرێ. لە ولاتانی پێشکەوتو دا تا کاتێك تئورێکی نوێ نەهاتۆتە مەیدان، دوایین تئوری کە بە راستی نزیکە، بایەخی پێدەدرێ و باسی لێ دەکردرێ بەلام کاتی تئورێکی تازە هات و تئوری پێش خۆی بە بەلگەوە رەت کردەوە، بەو مانایەیە کە تئوری پێشتر کۆتای بە ژیانی دێت و دەچێ لە ئارشیوەوە. بۆ وێنە لە بواری زانستیدا تا کاتێك عەرز بە ناوەندی جیهان دەناسرا و پێیان وابوو تەخت و پانە کە گالیلە نەهاتبوە مەیدانەوە، بەلام پاش ئەوەی گالیلە ئسباتی کرد عەرز خرە، ئیدی عەرز کەس بە پان و تەختی نازنێ. بەلام بەداخەوە لە لای ئێمە بایەخ بە وتاری زانستی بە تایبەتی لە بواری فەرهەنگی دا نادرێ و بە هاسانی پشت گوێ دەخسترێ. چیها کۆنگرە و سمینار و کۆڕ وکۆبونەوەی فەرهەنگی دەبەسترێ کتێب و وتار بلاو دەبێتەوە، کەچی چکۆلەترین کاریگەری لە لە کۆمەل و بگرە لە چۆنێتی بیر کردنەوەی چینی روناکبیر نابێ. ئەو شێوە هەست وکەوتە لە گەل نوسەران و بە تایبەتی ئەوانەی کاری لێکۆلینەوە دەکەن، وا دەکا کە لە ئاست ئەو پرسیارە کە مەبەست لە نوسین و لێکۆلینەوە چیە؟ وەلامێکی شیاو و گونجاومان پێ نەبێ. یەکێک لەو بابەتە گرینگانە کە جێگای سرنجە، جێژنی نەوروزە. ئینسانی کورد دەبێ کە لێیان پرسی، ئەرێ ئەو چەرە دوکەلە چیە و ئەو خەلکە بۆ لە ئاگر کۆبونەوە، وەلامێکی درستی پێ بێ، ئەگینا بە کوتنی نەوروز جێژنی کوردانە، بە هاسانی خلاسیمان نایە.

چەند ملیۆن کورد رێز لە جێژنی نەورۆز دەگرن و دەبێ بیشزانن کە ئەو جێژنە چیە و چ نیە، تا ئێستا دەیان و بگرە سەدان وتار لە بارەی نەورز نوسراوە کە زۆربەیان لە گەڵ هاتنی جێژنی نەورۆز قوت بونەوە و پاشان تەواو بون، یانی زۆرتر مناسبەتی بون. ئەمن نازانم چەند کەسی کورد بە جیدی لێکۆڵینەوەیان لە سەر نەورۆز کردوە، بەڵام کاك سامرەند بە بۆچونێکی تازەوە هاتۆتە مەیدان و زۆر بە وردی باس دەکا کە نەورۆز، چی بوە؟ چیان بە سەر هێناوە و مەبەست لەو ئاڵۆز کردنە چی بوە، نوسەر زەحمەتێکی زۆری لە سەر ئەو کارە کێشاوە بەو هیوایەی کە لانی کەم روناکبیران تەعریفێکی رونیان لە نەورۆز هەبێت، کەچی دەبینین کە ئێستاش نوسەرێکی وەك تەیموری قسەی فارسەکان چەند پاتە دەکاتەوە و بۆ گەیشتن بە راستی نەوروز پەنا بۆ حەقایەتە هەڵبەسراوەکانی فردوسی و شانامە دەبا. بەداخەوە گۆیا عەرز ئێستاش خڕ نیە لە کوردستان! دیسان دەڵێم تا کاتێك کەسێك بە بەڵگەوە وتاری کاك سامرەند رەت نەکاتەوە، ئەو وتارە سەرچاوەی راستەقینە دەبێ بۆ نەورۆز و مانای نەورۆز.